دیمانە: کارزان کانەبی



چاوان یەکێکە لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی عێراق و یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی کە توانیویەتی جێ پەنجەی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق دیار بێت لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانیە و لەهەمان کاتیشدا لەیانەی پێشمەرگەی یاری دەکات، قوتابی پەیمانگای وەرزشیە لەقۆناغی یەکەم، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

## چاوان بەهادین یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق

# ئاستی ئەم یارییە لەکوردستان لەگەشەدایە

***چۆن بوو، هاتیە نێو دنیای یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

-من خولیام هەبوو بۆئەم یارییە، چونکە زۆر حەزم بەڕاکردن دەکرد، هەستیشم دەکرد کە لەم یارییە دەتوانم توانای خۆمی لێبدۆزمەوە بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان بەگشتی؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەکوردستان لەئێستادا لەگەشەدایە، چونکە زۆربەی یانەکان گرنگی بەیاری گۆڕەپان ومەیدان دەدەن و تیپی جۆراوجۆریان درووست کردووە، ئەوەش بەڵگەی بەرەوپێشچوونی یارییەکەیە لەکوردستان.

*** ئەی ئاستی ئەم یارییە لەسلێمانی لەچ ئاستێکە؟**

-شاری سلێمانی هەر لەمێژە بەیاری گۆڕەپان و مەیدان بەناوبانگە، ئێمە لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی زۆر گرنگیمان پێ دەدرێت، بۆیە ئەنجامە باشەکانمان بەڵگەیە بۆئەوەی کە شاری سلێمانی و یانەکانی گرنگی باش بەم یارییە دەدەن.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- پێم باشە لەهەموو شارێك یاریگایەکی تایبەت هەبێت بەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، یانەکانیش گرنگی بەتوانای ئاستەکانی تەمەن بچووك بدەن، پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر پێشبکەوێت.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزان؟**

-تاکو ئێستا شەش میدالیام بەدەستهێناوە لەپاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە.

*** لەئێستادا بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێك؟**

-لەخۆئامادەکردن دام بۆ پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، بۆئەوەی بتوانم ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-ئێمە لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی هیچ کێشەیەکمان نییە کە تایبەت بێت بەخۆمان، بەڵام یانە هەیە کێشەی یاریگاو پێداویستیان هەیە،پێویستە بۆئەمانیش کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.

*** لەخێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

-بەڵێ خوشکەکانم وەرزشوانن کاتی خۆی منیش هەر بەهۆی ئەوانەوە هاتمە نێو وەرزش بەتایبەتی ڕاکردنی ١٠٠مەتر و٢٠٠مەتر کەخۆم بەشداری تێدا دەکەم.

***خانەوادەکەن ڕێگرێت لێ ناکەن لەوەرزش کردنت؟**

-بەپێچەوانەوە زۆر هاوکارمن، هاوکاری ئەوان منی گەیاندۆتە هەڵبژاردەی عێراقی.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم و دڵی هەوادارنم خۆشبکەم، بتوانم لەپاڵەوانێتیەتی زیاتریش بەشداربم.

***یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەڵێ سوپاسیان دەکەین کەهاوکاری بەردەوامی ئێمەن، ئەوان تەواوی پێداویستیەکانیان بۆمان دابین کردووە.



## دیار کەمال ئەسعەد ڕاهێنەری گۆڵپاریز

# دەستە کارگێڕییەکان پێیان خۆشە پارە لە یاریزانانی عارەب سەرف بکەن

دیار کمال چەرمەگا، ساڵانێکی زۆر وەك یاریزان و ڕاهێنەر خزمەتێکی بەرچاوی بەوەرزشی هەولێر گەیاندووە و هەمیشە جێدەستی دیاربووە، ساڵی (١٩٧٩) لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، دوای ئەوەی لەساڵانی (٩٢) ماڵیان دێتە هەولێر وەك یاریزان و دواتر وەك ڕاهێنەر لەم شوێنانە ڕۆڵی خۆی بینیوە تیپەکانی (کارزان، دواڕۆژ، فرمێسك، روناکی) و یانەکانی (ئاسۆ، ئاڵا، هەولێر) ئێستا مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی – سکوڵی پەروەردەی وەرزش. پێمان باش بوو لەدیمانەیەکدا بەسەری بکەینەوە.

*** دوای گەڕانەوەت بۆ شاری سلێمانی لەئەرکی ڕاهێنەری دووركەوتیتەوە؟ ئایا هیچ یانەیەکی شاری سلێمانی داویان لێنەکردووی کە کاریان لەگەڵ بکەی؟**

- ڕاستە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من مەبەستمە لەناوەندی زانکۆ ڕۆڵی خۆم ببینم، کاتەکانم تەرخان بکەم بۆ گرنگیدان بەوانەکان و هەروەها وەرزشیش داهاتووی ڕاهێنەر زامن ناکات.. داوایان لێکردووم، بەڵام بەڕاستی کارکردن لەگەڵ دەستەی کارگێری و ڕاهێنەری یانەیەك بەئاسان نازانم پێویستە لەنزیکەوە بیان ناسیت، چونکە وەرزش لەلای ئێمە وەك وڵاتان نییە لەسەر بنەمانی (ئەرك و ماف بێت) ڕێز لەماندووبوونت بگیرێت لەبەر ئەوە حەز ناکەم لەژێردەستی هەموو کەسێك کاربکەم.

*** هەتا ئێستا لای وەرزشوانان ڕوون نەبوو بۆ یانەی هەولێرت بەجێهێشت کە ئەو یانەیە خەونی هەموو ڕاهێنەرێکە؟**

- من ئەو کاتە لەگەڵ ڕاهێنەری یەکەمی تیپ نەدەگونجام و ئەتەکێتی کارکردنیم پێخۆش نەبوو، ئەگینا لەگەڵ دەستەی کارگێری هیچ کێشەیەکم نەبوو.

*** لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ڕاهێنەری گۆڵپاریزانە کەچی دەبینین ڕاهێنەری عەرەب دەهێنین؟**

- دەستە کارگێریەکان پێیان خۆشە پارە لەبێگانە سەرف بکەن، ئەگینا کوا یەك نموونەم پێبڵێ کە جێدەستی ڕاهێنەری گۆڵپاریزی عەرەب دیاربێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە کە کەس گوێت لێناگرێت ئەگینا من لە٢٠٠٥ پێشنیارم کرد قوتابخانەیەکی تایبەت بەگۆڵپاریزان دابنێین دڵنیام ئێستا زۆر ئەنجامی باشی دەبوو، ئێمە خاوەنی چەند گۆڵپاریزێك دەبووین من لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕاهێنەرانی گۆڵپاریزەکان لای ئێمە گۆڵپاریز بەخۆڕسکی دروست دەبێت ئەگینا لەسەرەتاوە کەس دەستیان ناگرێت.

*** تاچەند یەکێتیە وەرزشیەکان هەماهەنگی لەگەڵ سکوڵەکانی وەرزشیدا دەکەن؟**

- هەماهەنگی نییە و ئەوان لەدنیایەك و ئێمەش لەدنیایەك، تێکەڵ بوون نییە لەنێوانماندا، هۆکارەکەشی ئەوەیە لێك تێنەگەیشتن هەیە، من وا هەست ئەکەم ئەوان وا هەست ئەکەن مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی کورسیەکانیان لەژێر دەردێنن.

*** وەك مامۆستایەکی زانکۆ تا چەند بەباشی دەزانی دەموچاوەکانی بەرپرسانی وەرزشی هەمیشە لەپۆستدا بن؟**

- بەباشی دەزانم لەناوەندی وەرزشی دانەبڕێن، بەڵام بواریش بدەن گەنجەکان بێنە پێشەوە خۆشیان ببنە دەستەیەکی ڕاوێژکاری و ئاراستەی گەنجەکان بکەن واز لەپۆست بهێنن، ئەوەی ئەمڕۆ لەناوەندی وەرزشی هەیە قۆرخکردنی کورسیەو دابەشکراوە بەسەر چەند کەسێکدا کە پشت ئەستوورن بەکەسانی ناو دەسەڵاتەوە و زیاتر کار بۆ لایەنگرانی خۆیان دەکەن ئەو کەسانەی ناو دەسەڵاتیش تەنیا سەیری دەمی ئەوان دەکەن ئەگینا لەکارکردنی هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو تاکەکەس ڕۆڵی نییە، بەڵکو سیستەمە کە نەخشەڕێگای کار دادەنێت، ئێمە سەرۆك یانەیەك لەسەفەر بێت کاری یانەکە دەوەستێت، سەرۆکی یەکێتیەك لەوێ نەبێت کەسێك ناتوانێ بڕیارێك بەبێ ئەو بدات بۆیە نابێ ئێمە هەموومان گیرۆدەی دەستی تاکە کەس بین هەمیشە ملکەچی ئەو بین دەبێ هەموو ملکەچی سیستەمی بەڕێوەبردنی وەرزشی بین کە لە(پلاندان و ڕێکخستن)دا خۆی دەبینێتەوە.


*** دەبینین لەفەیس بووك بەلاپەڕەیەك هەموو گۆڵپاریزەکانت لەچوار دەوری خۆت کۆکردۆتەوە؟**

- هەرگیز حەزناکەم لەدنیای گۆڵپاریزی دابڕێم، پێشم خۆشە هەمیشە لەگەڵیان بم و پێوەندیم لەگەڵیان بمێنێ، لەم لاپەڕەیە ڕاهێنانی تازە و وانەی مەشق کردن دادەنێم تا گۆڵپاریزەکانمان ئاستی ڕاهێنانیان بەرزبێتەوە زیاتر یەکتری بناسن، هەروەها ئەگەر لەگەڵ گۆڵپاریزەکان نەبم، ئەوا بەجێ دەمێنم لەدنیای گۆڵپاریزی.

*** دوای ئەوەی گەڕایتەوە بۆ شاری سلێمانی و شاری هەولێرت جێهێشت چی دەڵێیت؟**

- بەدڵ سوپاس و خۆشەویستیم بۆ هەموو هاوڕێی وەرزشکارەکان و قەرزاری ئەو کەسانەم کە ڕۆژێ لەڕۆژان ڕاهێنەرم بوون و یان ئەو کەسانەی وەك ڕاهێنەر کارم لەگەڵدا کردوون هەرگیز لەیادیان ناکەم.. سوپاس بۆ شاری هەولێر کە چەندین ساڵ منی لەئامێزی خۆی گرت.






# دیزاینی پلیتی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ ئاشکرا کرا

لەدوو ئاهەنگی هاوکاتدا کە لەشارەکانی کییف و وارشۆ ئەنجامدران دیزاینی پلیتەکانی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ کە یارییەکانی بەهاوبەشی لەهەردوو وڵاتی ئۆکرانیا و پۆڵەندا لەمانگی حوزەیرانی داهاتوو دەست پێدەکات ئاشکرا کرا، لەیاریگای ئۆلۆمپی لەشاری کییف پایتەختی ئۆکرانیا و یاریگای نیشتمانی لەشاری وارشۆی پایتەختی ئۆکرانیا پەردە لادرا لەسەر نموونەی پلیتەکانی یاری کردنەوە لەنێوان پۆڵەندا و یۆنان کە یاری ژمارە یەکە و یاری نێوان ئۆکرانیا و سوید کە یاری ژمارە هەشتە لەیارییەکانی یۆری ٢٠١٢، لەمەراسیمەکەدا بەڕێوەبەری پرۆژەکان لەیەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا مارتن کالن و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئۆکرانیا هەروەها هەردوو ئەستێرەی پێشووی پۆڵەندی بۆنیاك و شەرماخ بەشدارییان تێدا کردبوو، کالن ڕایگەیاند کە زۆر خۆشحاڵە لەم ڕۆژەدا کە یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ نزیك دەبێتەوە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە پلیتەکان لەماوەی دوو تا سێ هەفتەی داهاتوو دەگاتە دەست خاوەنەکانی کە پێشتر پلیتەکانیان کڕیوە.

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا دووپاتیکردەوە کە ڕێژەی ٩٥٪ی پلیتەکان فرۆشراوە و ئەو ڕێژەیەی کە ماوە لەمانگی داهاتوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەفرۆشرێت، شایانی باسە دیزاینی پلیتەکە لەلایەن هونەرمەندێکی لاوی ئۆکرانی بەناوی کۆفتن دارینکا وێنەی بۆ کێشراوە.

# بێکهام لەپێش کریستیانۆ و میسییە



یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی دێڤید بێکهام لەپلەی یەکەمی لیستی ئەو یاریزانانە هات کە خاوەن گەورەترین داهاتن لەجیهانی تۆپی پێدا، بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆربسی ئەمریکی یاریزان بێکهام داهاتەکەی گەیشتە ٤٦ ملیۆن دۆلار کە ئەم داهاتە بریتیە لەمووچە و پاداشت و پارەی ڕیکلام، بێکهام بەپێش یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید کریستیانۆ ڕۆنالدۆ کەوت بە٤٢ ملیۆن دۆلار و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی بە٣٩ ملیۆن دۆلار، ئەمەش ڕیزبەندی یاریزانە دەوڵەمەندەکانی جیهانە لەیاری تۆپی پێ:

١ – دێڤید بێکهام – ئینگلتەرا – یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی ٤٦ ملیۆن دۆلار
٢ – کریستیانۆ ڕۆنالدۆ – پورتوگال – یانەی ڕیال مەدرید ٤٢ ملیۆن دۆلار
٣ – لیۆنێل میسی – ئەرژەنتین – یانەی بەرشلۆنە ٣٩ ملیۆن دۆلار
٤ – وێن ڕونی – ئینگلتەرا – یانەی مانچستەر یونایتد ٢٤ ملیۆن دۆلار
٥ – ڕیکاردۆ کاکا – بەرازیل – یانەی ڕیال مەدرید ٢١ ملیۆن دۆلار
٦ – جۆن تێری – ئینگلتەرا – یانەی چێلسی ١٨ ملیۆن دۆلار
٧ – یایا تۆری – کۆتدیڤوار – یانەی مانچستەر یونایتد ١٨ ملیۆن دۆلار
٨ – فیرناندۆ تۆریس – ئیسپانیا – یانەی چێلسی ١٧ ملیۆن دۆلار
٩ – فرانك لامپارد – ئینگلتەرا – یانەی چێلسی ١٦ ملیۆن دۆلار
١٠ – ستیڤن جیرارد – ئینگلتەرا – یانەی لیڤەرپول ١٦ ملیۆن دۆلار

## لامێلا و جەنەوا و ڤیۆرەنتینا سزادران

لیژنەی سـزاکان لەیەکێتی تۆپی پێی ئیتالیا بڕیـاری دا یاریزانی یانەی ڕۆما ئیریك لامێلای ئەرژەنتینی بۆ سـێ یـاری ڕابگرێت دوای ئەوەی لەیاری یانەکەی بەرامبەر یانەی یۆڤانتس (تف)ی بەرووی یاریزانی یانەی یۆڤانتس سـتیڤان لیشتشـتاینەر دا لەیاری نێوان هـەردوو یانە کە یانەی یۆڤانتـس بەچوار گۆڵی بێ بەرامبەر یارییەکەی بردەوە، بەپێی کاسـێتی یارییەکە لامێلا لەدواسـاتەکانی یارییەکەدا ئەم کارە دزێوەی ئەنجام داوە و لیژنەکە ئەم سزایەی ئاراستەکردووە بەڕاگرتن بۆ سێ یاری، بەمەش لامێلا لەیارییەکانی یانەکەی بەرامبەر ڤیۆرەنتینا و ناپۆلی کیڤۆ ڤیرۆنا بەشداری نـاکات. هەروەها لیژنەی سـزاکان بڕیاریدا کە یانەی جەنەوا دوو یاری لەیاریگای خۆی بەبێ جەمـاوەر ئەنجام بدات دوای کاری توندوتیژی کە هاندەرانی یانەی ناوبراو لەیاری نێوان هەردوو یانەی جەنەوا و سییەنا ئەنجامیان دا دوای دۆڕاندنیـان بەئەنجامـی (٤ – ١) گۆڵ، هاندەرانی یانەی جەنەوا یارییەکەیان ڕاگرت و داوایان لەیاریزانەکانی یانەکەیان کرد کە درێسـەکان داکەنـن بەهۆی ئەو ئاسـتە خراپە کە پێشکەشـی دەکەن لەخولی ئیتالیا، بەهۆی کامیراوە هەندێك لـەو هاندەرانە دەسـت نیشانکراون کە بۆمبی دوکەڵیان فڕێدایە نـاو یاریـگا، لەلایەکی دیکـەوە لیژنەی سـزاکان بڕیاریدا کە یانەی ڤیۆرەنتینا بەبڕی ٢٦ هەزار دۆلار سـزابدات دوای ئەوەی هاندەرانی یانەی ناوبراو دروشمی ڕەگەزپەرستیان ئاراستەی یاریزانانی یانەی ئینتەرمیـلان کرد لەیاری نێوان هەردوو یانە کە بەبێ گۆڵ کۆتایی هات.



## ڤان پێرسی باشترین یاریزانی خولی ئینگلتەرایە

یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی ئەرسـنال ڕۆبن ڤان پێرسی بەفەرمی خەڵاتی باشـترین یاریزانی خولی ئینگلتەرای وەرگرت بۆ وەرزی ٢٠١١ – ٢٠١٢ کە دەستەی یاریزانە پیشـەگەرەکانی ئینگلتەرا ئەم خەڵاتە دەدات، ڤان پێرسی تەمەن ٢٨ سـاڵ لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە و توانی یانەکەی بگەیەنێتە پلەی سـێیەمی خولی ئینگلتەرا سـەرەڕای ئەنجامە خراپەکانی یانەی ناوبراو لەسـەرەتای وەرزدا، ڤان پێرسی بەپێش یاریزان وایین ڕونی هێرشبەری مان یونایتد و سکۆت پارکەر یاریزانی یتنەی تۆتنهام و هەرسـێ یاریزانی یانەی مان سیتی جۆ هارت و دێڤید سیلڤا و سێرجیۆ ئەگوێرۆ کەوت.

ڤـان پێرسـی لەسـاڵی ٢٠٠٤ لەیانـەی فاینـۆردەوە هاتـە یانـەی ئەرسـنال و تەنیـا یـەك نازناوی بەدەسـت هێنـاوە کە ئەویـش جامی ئینگلتـەرای سـاڵی ٢٠٠٥، پێرسـی بـووە سێیەم یاریزانی هۆڵەندی کە ئەم خەڵاتە وەردەگرێت لەدوای یاریزانان دێنس بێرکامب لەیانەی ئەرسـنال لەوەرزی ١٩٩٧ – ١٩٩٨ و یاریـزان ڕۆد ڤان نیسـتەلرۆی لەیانەی مـان یونایتد لەوەرزی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢، هەروەها یەکەم یاریزانی یانەی ئەرسنالەکە ئەم خەڵاتە وەردەگرێت لـەدوای یاریزانی فەرەنسی تیری هینری لەوەرزی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤.

لەلایەکی دیکەوە یاریزانی یانەی تۆتنهام کایل وۆکەر خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی لەخولی ئینگلتەرا وەرگرت دوای ئەو ئاستە بەرزەی کە لەگەڵ یانەکەی پێشکەشی کرد و ئێستا پاڵێوراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبـژاردەی ئینگلتەرا لەیۆرۆی ٢٠١٢ بەشدار بێت.



## کۆبوونەوەی هیگواین لەگەڵ سەرۆکی PSG

ڕاپۆرتە هەواڵەکان ڕایانگەیانـد کە یاریزانی ئەرژەنتینی گۆنزالۆ هیگواین هێرشبەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لەگەڵ خاوەن و سەرۆکی یانەی پاریس سـان جێرمانی فەرەنسـی ناسـر خلیفە کۆبۆتەوە، ڕۆژنامەی لو دی سـپۆری فەرەنسـی کە هەفتانە دەردەچێت ئـەم هەواڵەی ڕاگەیاند و دووپاتیکردەوە کە کۆبونەوەکە لەمانگی ئاداری ڕابردوو سازدراوە کە ماوەیەکە یانـە دەوڵەمەندەکەی شـاری پاریـس ماوەیەکە هەوڵی ئـەوە دەدات بۆند لەگەڵ هیگواین مۆر بـکات، بەڵام هیچ وردەکارییەك دەربارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بڵاو نەکراوەتەوە.

چەندین ڕاپۆرتە هەواڵ پێشـتر ئاماژەیان بەوە دابوو کە یانەی پاریس سـان جێرمان بەهۆی بەشـداریکردنی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەوەرزی داهاتـوو دەیەوێت تیپەکەی بەهێز بکات لەڕێگای هێنانی چەند یاریزانێکی ئەستێرە کە هیگواین یەکێکە لەم ئەستێرانە.

یاریزان هیگواین لەم وەرزەدا شـوێنی خۆی لەپێکهاتەی یانەی ڕیال مەدرید لەدەسـت داوە بۆ یاریزانی فەرەنسـی کەریم بنزیمە کـە ڕاهێنەر مۆرینهۆ متمانەی زیاتری پێداوە، لەدوا یاری کلاسیکۆشـدا هیگواین لەدوا خولەکی یارییەکەدا بەشـداریکرد بۆیە چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن یاریزانی ئەرژەنتینی لەکۆتایی ئەم وەرزە ڕوو لەیانەیەکی دیکە بکات بۆ ئەوەی لەپێکهاتەی سەرەکی یاری بکات.



سالار جەلال



# حاکم جەمال دەستی لەکار کێشایەوە

لەبارەگای یانەی هەندرێن لەشـــاری هەولێر لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ســـەرۆکی یانەی هەندرێن هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەپۆستی ســـەرۆکایەتی یانەکە ڕاگەیاند، لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا لەســـەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بەمێژووی دامەزراندنی یانەی هەندرێن کرد کە لەماوەی تەمەنی یانەکەدا چەندین دەســـتکەوتی جۆراوجۆری وەرزشی بەدستهێناوە، دواتریـــش ئاماژەی بەچەندین کاری نهێنیدا دا لەناو وەرزشـــدا کە چەندین کەســـی دووڕوو هەیە لەناو وەرزشدا، گوتیشـــی من هەمیشە بەڕاستەقینە کارم کـــردووە بۆخزمەتکردنی وەرزش و زۆرجاریـــش لێدوانی توندم بۆدەزگا ڕۆژنامەوانیەکان داوە و ڕووی ڕاســـتەقینەی خۆم وەکو خۆی پێشـــانداوە، گوتیشی داوای لێبوردن لەهەر کەسێك دەکەم کە لەماوەی ڕابردوو دڵی لەمن ڕەنجابێت یان ببومەتە مایەی سەر ئێشە بۆی. لەدرێژەی قسەکانیشدا گوتی: سوپاســـی سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ناوبژیوانان و سەرپەرشـــتیارانی خولی کوردستان دەکەم کە زۆرجار بوومەتە مایەی کێشە بۆیان، لەبەر دڵسۆزیشـــم بۆکارەکەم زۆر جار تووشـــی هەڵچوون هاتوومە. گوتیشـــی بۆیە دەست لەکاردەکێشـــمەوە، چونکە لەماوەی ڕابردوو پەیامی خۆم گەیاندووە دەمەوێ لەلوتکەدا یانەکە بەجێبهێڵم کە چەندین دەســـکەوتم بەدەستهێناوە لەماوەی ڕابردوو، گوتیشی ئێستا یانەکە لەبارودۆخێکی باشە و هیچ کەموکوڕییەکی نییە و لەڕووی پارەشـــەوە هیچ پارەیەك قەرزارنییە، منیش بەسەربەرزیەوە یانەکەم جێهێشـــتووە ئێستا ئاسوودەمە کە یانەکەم لەم بارودۆخە بەجێهێشتووە، گوتیشی ئەم یاریگایە لەسەردەمی کابینەی پێنج بە سەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی دروستکراوە.

# کوردێک بەشداری خولی بەهێزکردنی جیمناستیکی ئاسیا دەکات

لەوڵاتـــی قەتەر بە بەشـــداری تەنیا دوو نوێنەری وڵاتـــی عێراق، خولی بەهێزکردنی یاری جیمناستیك ئەنجامدرا، لەخولەکەشدا تەنیا یەك نوێنەری کورد بەشداری کردبوو، کە زیاتر لەنوێنەری بیست وڵاتی عەرەبی بەشداریان کردبوو، مەبەســـت لەکردنەوەی ئەم خولەش کـــە خولێکی نێودەوڵەتی بوو، لەسەر ئاستی ئاسیا وانەبێژەکانیش بۆماوەی پێنج ڕۆژ بەشێوازی تیۆری و پراکیتکی ڕۆژانە وانەکانیان دەگوتەوە، وانە بێژەکانیش برتیی بوون لە(هاردی فنك بەڕێوەبەری پێشـــکەوتنی یاری جیمناستیك لەیەکێتی جیمناستیکی نێودەوڵەتـــی و پیتر هافمـــان تایبەتمەند لەڕاهێنانی یاری جیمناســـتیك و ئەنجیـــلا کارۆلین وانەبێژ و ئەندامی یەکێتی جیمناســـتیکی نێودەوڵەتی) لەبارەی خولەکەش کامەران شـــەهاب لەشـــاری هەولێر تاکە نوێنەری کورد بوو بۆ فایلی وەرزشـــی گوڵان گوتی «ئەم خولە بۆئێمە زۆر گرنگ بوو، سوودێکی زۆرمان بینی لەم خولە نێودەوڵەتیە و بڕوانامەی نێودەوڵەتیشمان پێدرا، من تاکە نوێنەری کورد بووم لەم خولە.




# ڤیستیڤاڵی وەرزشی ســـ

وەکو پرۆگرامی ساڵانەی خۆی بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی ڕەوتی وەرزشی لە ســـنووری پەروەردەکانی هەولێر، بەشـــی چالاکی وەرزشی دیدەوانی پەروەردەی گشتی هەولێر، سەر بە یاریگای بنکەی وەرزش و لاوانی عەنکاوە، بە ئامادەبوونی هەریـــەك لە نەوزاد هادی پارێـــزگاری هەولێرو بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشـــتی پەروەردەی هەولێر و ژمارەیەك لـــە بەڕێوەبەرانی پەروەردەکان و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆســـتایان و سەرپەرشتیاران، بە بەشـــداری هەریەك لە پەروەردەکانی (هەولێر، دەشـــتی هەولێر، مەخمور، خەبات، شەقڵاوە، سۆران، ڕواندز، چۆمان، مێرگەسۆر، کۆیە) ڤیســـتیڤاڵی ساڵانەی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوە چوو، دەستپێکی ڤیستیڤاڵەکەش بە ڕۆیشـــتنی پەروەردەکان و دواتریش خولەکێك وەستان بۆگیانی پاکی شـــەهیدان و سوێندی وخواردنی وەرزشـــی، دواتریش یارییەکانی گۆڕەپـــان ومەیدان بەبەشـــداری زیاتر لـــە ١٠٠ یاریزانی کـــچ و کوڕی قوتابی



## باڵای کچانی
## سۆلاڤ پاڵەوانی کەرکوک بوون

لەشاری کەرکوك بەسەرپەرشتی نووسینگەی ئافرەتانی نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە بەشداری شەش یانەی شاری کەرکوك، پاڵەوانێتی بالەی کچانی یانەکانی شارەکە ئەنجامدرا، کەتیپەکان بەشێوازی خولێکی یەك قۆناغی ڕۆژانە یارییەکانیان ئەنجامدەدا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو تیپی بالەی کچانی یانەی سۆلاڤ و سۆلاڤی نوێ گەیشتنە یاری کۆتایی خولەکە، لەیاری کۆتاییش لەسەر یاریگای هۆڵی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی کەرکوك هەردوو یانە بەیەك گەیشتن، لەم یاریەشدا یاریزانانی هەردوو تیپ ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، لەئەنجامی کۆتاییشدا کچانی سۆلاڤ توانیان لەکچانی سۆلاڤی نوێ ببەنەوە بەئەنجامی (٢-١)گێم و ببنە پاڵەوانی خولەکە، لەکۆتاییش خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.





## یانەکانی سلێمانی پاڵەوانی تێنسی سەرمێز بوون

لەشاری سلێمانی لەهۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بەسەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراقی و بە بەشداری هەریەك لەیانەکانی (سلێمانی، هەڵەبجە، پێشمەرگەی سلێمانی، دهۆك، برایەتی، ئەکاد، سۆلاڤ، سناعە، کوفە، مشخاب، نەفتی ناوەڕاست، ئاشتی، حوسێنیە، فتوە) قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی یانەکانی عێراقی ئەنجامدرا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو چەندین یاریزانی بیانش لەیانەکان بەشداری پاڵەوانێتیەکەیان کرد. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ١٤خاڵ
٢-یانەی سلێمانی ١٤خاڵ
٣-یانەی هەڵەبجە ١٤خاڵ

## ـــــاڵانەی هەولێر ئەنجامدرا

پەروەردەکان دەستی پێکرد. ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو .

لە ئاستی کچان
١- پەروەردەی هەولێر ٦٩خاڵ
٢- پەروەردەی خەبات ٣٧خاڵ
٣- پەروەردەی شەقڵاوە ٣٦خاڵ

پاڵەوانی یاریزانانی کچ (تامەرا شاکر)لەپەروەردەی هەولێر بە کۆکردنەوەی ٥٠خاڵ

لە ئاستی کوڕان
١-پەروەردەی شەقڵاوە ٧٠خاڵ
٢-پەروەردەی هەولێر ٦٣خاڵ
٣-پەروەردەی دەشتی هەولێر٥٨خاڵ

پاڵەوانی یاریزانانی کوڕ (هەورامان رزگار)لەپەروەردەی شەقڵاوە بە کۆکردنەوەی ٢٤خاڵ

